# ئامانجەکانی (لیستی بێلایەن) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

**پشت بەست بەخواستی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافو داواکارییەکانیان، هەر وەك سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ئێمەش وەك ( لیستی بێلایەن ) دەچینە نێو ململانێی هەڵبژاردنەوە، ئەگەر هەڵبژێرراین بەڵێن دەدەین بۆ ئەم ئاما نجانەی خوارەوە تێبکۆشین :**

1- پێکهێنانی پەرلەمانێکی راستەقینەی هاوچەرخ کەئەندامەکانی بەئەقڵو ئیرادەی خۆیان کار بکەن، نەك بەئەمری حیزبو سەرکردە، گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ بەرچاوی خەڵكو دابینکردنی شەفافیەت لەکاروباری حکومەتو پەرلەماندا.

2- بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو توندوتیژی، بۆ دابینکردنی ئاسایشو ئارامی لەکوردستانداو چەسپاندنی دیموکراسیەتو رێزگرتن لەبیروڕای بەرامبەرو دابینکردنی ئازادیی سیاسی.

3- سڕینەوەی ئاسەواری سیاسیەتی نادروستی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کەبوو بەهۆی دابەشکردنی هەرێمی کوردستانو بەفیڕۆدانی سەروەتو سامانێکی زۆرو دروستکردنی مەترسی لەسەر دەسکەوتەکانی جەماوەر.

4- پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کەیاسایەکی هاوچەرخ تێیدا سەروەر بێتو دەستەبەری ژیانو ئازادیەکانی تەواوی خەڵکی کوردستان بکاتو مافی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت.

5- قەدەغەکردنی هەموو ململانێیەکی خوێناوی وەك رێگەچارەیەك بۆ کێشەکانی ناوخۆو رێگرتن لەدووپات بوونەوەی شەڕی براکوژیو برەودان بەگیانی پێکەوە ژیانو یەکتر قبول کردن.

6- کاراکردنی بەشداری کۆمەڵانیخەڵك لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیداو رێزگرتن لەئەنجامی هەر راپرسیەك کەلەئایندەدا لەنێو گەلی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

7- چاکسازیو پاراستنی سەروەریی یاساو گۆڕینی ئەو بەندە یاسایانەی لەبەرەو پێشبردنی یەکسانی نێوان ژنو پیاودا رێگرن.

8- نەهێشتنی دیاردەی میلشیاگەریو وەلانانی گیانی خێڵەکیو پاوانخوازیو هۆزگەری.

9- نەهێشتنی دیاردەی حیزبایەتی تەسكو قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ تاکە حیزبێكو قەدەغەکردنی تەزکییەی حیزبی بۆ دامەزراندنی خەڵكو کارمەندان لەفەرمانگەو دامەزراوەکاندا.

10- نەهێشتنی دیاردەی ئەو گرێدانە نابەجێیەی کەلەنێوان حیزبی دەسەلاتدارو حکومەتدا دروستکراوەو پاکسازیەکی راستەقینە لەدەزگاکانی دەوڵەتداو نەهێشتنی گەندەڵی ئیداریو دزیو فەسادو بەرتیلخۆری، دانانو وەگەڕخستنی یاسای (ئەمەت لەکوێ) بوو.

11- پاراستنی سەربەخۆیی زانکۆکانو لابردنی سیستمی (قبول خاص)و گۆرینی پرۆگرامەکانی پەروەردەو خوێندن بەشێوەیەکی مۆدێرن کەهاوشان بێت لەگەڵ پێویستیەکانی سەردەم.

12- رێگرتن لەکۆچی بەلێشاوی لادێ بۆ شار، بەئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان لەسەر شێوەی گوندی هاوچەرخو دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی ژیان بۆیان، ئەمەش بەپێدانی سولفەی کشتوکالیو خانووبەرە بۆ کشتیارەکانو دابینکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

13- قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی، بەتوێژینەوەو بەدواداچوونی گوزەرانی ئەو خێزانانەی بژێویان لەسەر منداڵەکانیانە، گرنگیدانێکی زۆر بەپەروەردەی منداڵ لەهەموو ئاستەکاندا.

14- پاك راگرتنی ژینگەی ناوچەکەو چاکردنی هۆیەکانی خۆپارێزیو نەخۆشخانەکان، کەمکردنەوەی نرخی عیادەی دکتۆرەکانو زیادکردنی نەخۆشخانەی حکومی.

15- چاککردنی گوزەرانی فەرمانبەرانو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بێکاریو دانانی سیستەمی سۆسیالو بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان نییە، هەروەها رێز لەخزمەتی رابردووی خانەنشینان بگیرێتو موچەی تەواویان پێبدرێت.

16- ئاشکراکردنی بوجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستانو دیاریکردنی داهاتو بەرهەمی نیشتمانی خەرجکردنیان لەپرۆژە خزمەتگوزاریەکاندا کەخۆشگوزەرانی خەڵك لەپێشەوەی شتەکانیتر بێت.

17- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی (ئەنجومەنی پیران (مجلس الشیوخ)و ئەنجومەنی نەخشەکێشان (مجلس التخطیط).

18- چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون، بەدابینکردنی خزمەتگوزاری تەواو بۆ گەڕەکە تازەکانو بەردەستخستنی پێویستیەکانی خانوو دروستکردنو کەمکردنەوەی کرێو پاراستنی مافی کرێچیەکان. عەدالەت لەدابەشکردنی زەوی بەسەر هاوڵاتیاندا.

19- هەوڵدانێکی جدی بۆ دابەزاندنی نرخی شمەكو پێداویستییەکان لەبازاڕدا، چارەسەرکردنی ئەو گرانیو بەرزبوونەوەی نرخو چاودێری خستنەسەر شمەکی هاوردە.

20- لاوان گەورەترین سەرمایەی وڵاتن، فەراهمکردنی کەشێکی لەبار بۆ تەقاندنەوەی بەهرەو توانایان، هەروەها هەل رەخساندن بۆ رۆڵبینینیان لەکایە کۆمەڵایەتییەکاندا.